# حوکمی شەرعی
# پێشەکی وەرگرتن لەکڕین و فرۆشتن دا
# (بیع العربون )

[ کردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : حاجی ئومێد چروستانی

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠١٠ - ١٤٣١

islamhouse.com

# ﴿ حكم بيع العربون ﴾

« باللغة الكوردية »

إعداد : حاج أوميد جروستاني

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# حوكمی شەرعی
# پێشەكی وەرگرتن لەكڕین و فرۆشتن دا
# (بيع العربون )

سوپاس وستایش بۆ پەروەردگاری بەبەزیی ومیهرەبان ودرود ورەحمەتی بەلێزمە بۆ سەرگیانی پاكی پێشەوای مرۆڤایەتی وفەخری كائینات محمد المصطفى وئال وبەیت وسەرجەم هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

خۆشەویستان لەم بابەتەماندا هەوڵ دەدەین بەپێی توانا ڕای ئەو زانایانە بخیەنەڕوو سەبارەت بەحوكمی شەرعی پێشەكی وەرگرتن لەكڕین وفرشتندا ( بيع العربون ) وپاشان ڕای پەسەندیش بەئێوەی ئازیز ئاشنا بكەین .

**العربون :** لەزمانی عەرەبیدا بە ماناى " هو ما عقد به البيع من الثّمن "(١) ئەو ئەندازەیە لەنرخ كە كڕین وفرۆشتنی پێ گرێ دەدرێت دادەمەزرێت .

لە زاراوەی فیقهی ئیسلامیشدا العربون : وەك ابن الاثیر دەڵێت : " هو أن يشتري السلعة ويدفع إلى صاحبها شيئا على أنّه إن أمضى البيع حسب من الثمن، وإن لم يمض البيع كان لصاحب السلعة ولم يرتجعه المشتري " (٢) واتە : ئەوەیە كە كاڵایەك بكڕێت وشتێك لە نرخەكەی بدرێت بە خاوەنەكەی ئەگەر هاتوو تەواو ڕازی بوون بەو مامەڵەیە ئەوا ئەو پێشەكیە بەشێك بێت لەنرخی ئەو كاڵایە، خۆ ئەگەر مامەڵەكەش سەری نەگرت ئەوا ئەو پێشەكیە بۆ خاوەن كاڵاكە بێت ونەیگێڕێتەوە بۆ كڕیارەكە .

ئیمامی مالكیش ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە پێناسەی ( العربون ) دا ووتویەتی: " أن يشتري الرجل العبد أو الوليدة أو يتكارى دابّة ثمّ يقول للذي اشترى منه أو تكارى منه: أعطيك دينارا أو درهما أو أكثر من ذلك أو أقلّ على أنّي إن أخذت السلعة أو ركبت ما تكاريت منك، فالذي أعطيتك هو من ثمن السلعة أو من كراء الدابّة، وإن تركت ابتياع السلعة أو كراء الدابّة فما أعطيتك لك باطل بغير شيء " (٣) واتە : ئەوەیە كە كەسێك بەندەیەك یان كەنیزیەكێك بكرێت یان ووڵاخێك بگرێت بەكرێ، وپاشان بەو كەسە بڵێ كە شتەی لێ كڕیوە یان بەكرێی لێ گرتووە : دینارێك یان درهەمێك یان زیاترت دەدەمێ یان كەمتر لەوە، ئەگەر من ئەو شتەم وویست وبردم یان سواری ئەو ووڵاخە بووم كە بەكرێم گرتوە لێت، ئەو كاتە ئەوەی داومە پێت بەشێك

بێت لەنرخی ئەو شتە یان بەشێك بێت لەکرێ ئەو وڵاخە بەکرێ گیراوە، خۆ ئەگەر نەمویست و وەرم نەگرت یان وازم هێنا لەو بەکرێ گرتنە، ئەو پێشەکیەی داومە پێت بۆ خۆت ومامەڵەکەمان هەڵبوەشێتەوە بەبێ هیچ شتێك .

**ڕاو بۆچوونی زانایانی ئیسلام لەم مەسئەلەیەدا :**

**ڕای یەکەم :** ڕای زۆربەی زانایان و ئەهلی عیلمە کە پێیان وایە پێشەکی دان لە کڕین وفرۆشتندا دروست نیە و باطلە، ئەمەش ووتەی ئیمامی مالیك (٤) وئیمامی شافعی (٥) و لەیثی کوری سەعد وسوفیانی ثەوری وئیمامی ئەوزاعی و مەزهەبی حەنەفی وابن المنذریش لە عەبدوڵڵای کوری عەباس و حەسەنی بەصریەوە گێڕاویەتیەوە کە ئەوانیش پێیان دروست نیە (٦) .

**ڕای دووەم :** ئەم کۆمەڵە لەزانایان پێیان وایە کە پێشەکی دان لەکڕین وفرشتندا دروستە، ئەمیش ڕایەکی ئیمام ئەحمەد وجمهوری حەنابلەیە (٧) هەروەها لەناو هاوەڵەکانیشدا عومەری کوری خەتاب و عەبدوڵڵای کوری ونافعی کوری حارث و صەفوان کوری ئومەیە یە پێان دروستە(٨) لەناو تابعیشدا زەیدی کوری ئەسلەم وموجاهید وابن سیرین ونافعی مەولای عەبدوڵڵای کوری عومەر وسەعیدی کوری موسەیب پێیان دروستە (٩) .

**بەڵگەی ڕای یەکەم ئەو زانایانەی کە پێیان دروست نیە :**

**یەکەم :** بەڵگە لەقورئانی پیرۆز دەهێننەوە :

خوای گەورە فەرموویەتی : **( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ... )** { النساء: ٢٩} واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ماڵ و سامانی یەکتر بەناحەق و بەبێ بەرامبەر مەخۆن لەنێوان خۆتاندا، مەگەر بازرگانیەک بێت و لەسەر ڕەزامەندی هەموولایەکتان بێت .

قورطوبی تەفسیری ووشەی ( الباطل ) ی کردوە و ووتویەتی : " أي بغير حقّ ووجوه ذلك تكثر ... ومِن أكل المال بالباطل بيع العربون ... لأنّه من باب القمار والغرر والمخاطرة، وأكل المال بالباطل بغير عوض ولا هبة وذلك باطل بالإجماع " (١٠) واتە : خواردنی ماڵێك بەناهەق ئەمەش شێوەی زۆرە .... جۆرێکیش لەخواردنی ماڵ بەناهەق بریتیە لە پێشەکی وەرگرتن لە کڕین وفرۆشتندا ... چونکە ئەچێتە چوارچێوەی قومار کردن و ناداری وترسناکی لەمامەڵەدا، خواردنی ماڵیش بەناهەق وبەبێ بەرامبەر وبەخشین بە کۆدەنگی زانایان باطلە .

وەڵامی ئەم بەڵگەیەی جمهوریش بە دوو ڕوو دەردێتەوە :

ڕووی یەکەم : تەسلیمی ئەم بەڵگەیە نابین کە ( بیع العربون = پێشەکی دان

لەكڕین وفرۆشتن ) دا باطل ودروست نەبێت، تا ئەو كاتەی بەبەڵگە ڕۆشن دەكرێتەوە، ئەم بەڵگەیەش بەڵگەیەكی عام و گشتگیرە وتەنها ئەوەندە هەیە باسی ئەوەی كردوە كە كڕین وفرۆشتنی باطل لەمامەڵەدا دروست نیە، وبەهیچ شێوەیەك جۆری ئەو مامەڵەی باس نەكردوە بە دروست نیە ئەنجام بدرێت (١١) .

ڕووی دووەم : بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەوەی ( بیع العربون = پێشەكی دان لەكڕین وفرۆشتن ) دا خواردنی ماڵی خەڵكە بەناهەق، ئەو ئیستثنایەی كە پاشتر هاتووە ( بیع العربون = پێشەكی دان لەكڕین وفرۆشتن ) داجیا دەكاتەوە لەحوكمە گشتیەكە ئەویش وەك لەدوایدا خوای گەورە فەرموویەتی : ( ... **إلاَّ أن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ...** ) كەواتە پێشەكی دان لەكڕین وفرۆشتندا دەچێتە چوار چێوەی ئەو بازگارنیەی كە خوای گەورە حەڵاڵی كردووە .

ابن القیم یش ووتویەتی : " فأباح التجارة التي تراضى بها المتبايعان، فإذا تراضيا على شرط لا يخالف حكم الله جاز لهما ذلك " (١٢) واتە : بازرگانی ڕێگای پێدراوە كە هەردوولای كڕیار وفرۆشیار پێی ڕازین، جا ئەگەر ڕازی بوون لەسەر مەرجێك كە پێچەوانەی حوكمی خوای گەورە نەبوو ئەو كاتە ئەو مەرجە دروستە .

**بەڵگەی دووەم لەسەر دروست نەبوونی ئەم مامەڵەیە :**

لە سوننەتی پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) :

**یەكەم :** ئەو كۆمەڵە فەرموودە زۆرەیە كە ڕێگری دەكەن لە ( البيع الغرر ) مامەڵەیەك كە نادیاری تێدا بێت، كە زانایان لە كتێبەكانی خۆیاندا بابێكی سەربەخۆیان بۆ داناوە كە بە ( الغرر ) ناسراوە وژمارەیەكی زۆر لەو كڕین وفرۆشتن ومامەڵانە لەخۆ دەگرێت كە نادیاری وغەرەریان تێدایە و هەر هەموشیان دەچنە ژێر ناونیشانی خواردنی ماڵی خەڵكی بەناهەق كە قەدەغەیان لێكراوە، هەروەك لەكتێبەكانیاندا بەڕوونی دەردەكەوێت (١٣) .

**وەڵامی ئەم بەڵگەیەشیان بەم شێوەیە دەبێت :**

تەسلیمی ئەم بەڵگەیەش نابین ، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو مامەڵانەی كە غەرەر ونادیاریان تێدایە لە شەرعدا هەر هەموویان ناسراون ومەرجیش نیە هەر مامەڵەیەك دوودڵ بیت لە ئیمزاكردن وفەسخ كردنەوەی ئیتر ئەو مامەڵەیە ( غرر ) ونادیاری تێدا بێت، هەرلەبەر ئەوە دەبینین ابن القیم دەڵێت : " من حرّم بيع شيء وادّعى أنّه غرر طولب بدخوله في مسمّى الغرر لغة وشرعا " واتە : هەركەسێك فرۆشتنی شتێك بەحەرام دابنێت وبانگەشەی ئەوە بكات كە غەرەر ونادیاری تێدایە ئەو كاتە داوای لێ دەكرێت كە لەڕووی شەرع و زمانەوانیشەوە بتوانێت بیخاتە ژێر ناوی غەرەرەوە .

چونكه ( غرر ) بەو مانایە دێت كە دووڵ بیت لەنێوان دوو شتدا كە بەشی زۆرینەیان ترسناكترینیان بێت، ئەم مانایەش لە ( بیع العربون = پێشەكی دان لەكڕین وفرۆشتن ) دا تەحقیق نابێت، چونكە دانەنانی كاتێك یان هەڵبژاردن وخیارێكی نادیار زەرەر ناگەیەنیت ، لەبەر ئەوەی لە عورف وعاداتی خەڵكیدا بەو شتە دیار وئاشكراكان دادەنرێت .

بەڵگەی دووەم لە سوننەت :

ئەو فەرموودەیە كە عەمری كوڕی شوعەیب لە باوكیەوە ئەویش لە باپیریەوە گێراویانەتەوە:**(أنّ النبي صلى الله عليه وسلم نهى عن العربان في البيع )**(١٤) واتە : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕێگری كردووە لە پێشەكیدان لە كڕین وفرۆشتندا .

وەڵامی ئەم بەڵگەیەشیان بەچەند شێوەیەك دەبێت :

أ) سەنەدی ئەم فەرموودەیە كەسێكی تێدایە كە ناوی نەبراوە .

ب) ئەگەر چی ئەم كەسە نادیارە لەرێوایەتی ابن ماجەدا ناوی براوە بەڵام بەكەسێكی لاواز دانراوە، ئەویش لەبەر عەبدوڵڵای كوڕی عامری ئەسلەمی یان ابن اللهيعة كە هەردوكیان دوو ڕاوی لاوازن .

**بەڵگەی سێهەم لەسەر دروست نەبوونی ئەم مامەڵەیە :**

**بەڵگەی عەقڵ وژیریە ئەویش لەدوو ڕووە وە :**

١)پێشەكی دان لەكڕێن وفرۆشتندا كە بە ( بيع العربون ) ناسراوە شەریعەتی ئیسلام ڕێگری لێ كردووە ئەویش لەبەر ئەوەی مەرجی فاسدی تێدایە، كاتێك كڕیار بە فرۆشیار دەڵێت : ئەگەر من ئەو كاڵایە یان ئەو شتەم نەویست تۆ دەتوانی ئەو پێشەكیە ببەیت بۆخۆت (١٥) .

٢)تەنانەت هەندێك لە ئەهلی عیلم پێیان وایە كە ئەم مامەڵەیە دوو مەرجی فاسدی تێدایە (١٦) یەكەمیان : فەسادی ئەو مەرجەی كە لەسەرەتاوە لەسەری ڕێككەوتن ئەگەر هاتوو كڕیار وازی لەكڕینی ئەو كاڵایە هێنا ئەوە ئەو پێشەكیە فرۆشیار هەڵی دەگرێت بۆخۆی بەبێ هیچ بەرامبەرێك، وەك لە پێناسەی ( بيع العربون ) دا بەدەردەكەوێت، دووەیشیان : ئەوەیە فەسادی ئەو مەرجەش كە كڕیار ئەتوانێت بەگەڕێتەوە بۆلای فرۆشیار و مامەڵەكە هەڵبوەشێنێتەوە ئەگەر ڕەزامەند نەبوو لەسەری

**وەڵامی ئەم بەڵگەیەشیان بەم شێوەیە دەدرێتەوە :**

فەسادی مەرج لەم مامەڵەیەدا دەبێت بە دەقێك بسەلمێت، ئەو دەقەش كە باس

لەفەسادی ئەم مەرجە دەكات وەك ئاماژەمان پێدا فەرموودەیەكی لاوازە، یان لەبەر نەبوونی دەقێكی صەحیح وراست ودروست، چونكە ئەصل و بنەمای هەموو مامەڵەیەك لەشەریعەتی ئیسلامدا حەڵاڵی وموباحیەتە تا ئەو كاتەی بەڵگە ودەقێكی راست ودروست هەبێت وئەو مامەڵەیە قەدەغە بكات .

كاتێكیش دەڵێن : (فەسادی ئەو مەرجەش كە كڕیار ئەتوانێت بەگەڕێتەوە بۆلای فرۆشیار و مامەڵەكە هەڵبوەشێنێتەوە ئەگەر ڕەزامەند نەبوو لەسەری ) هاوشێوەی ئەم گەڕانەوە بۆلای فرۆشیار و ئیمزا نەكردنی ئەم مامەڵەیە لەشەرعدا بوونی هەیە بەبێ ئەوەی قەدەغەشی لێكرا بێت، وەك ( خیار المجلس ) و ( خیار الشرط ) كە لەهەردووكیاندا كڕیار وفرۆشیار دەتوانن مامەڵەكە هەڵبوەشێننەوە یان تەواوی بكەن، بەهەمان شێوە ( بیع العربون ) یش لەو ڕووەوەی كە هەڵوەشاندنەوە ئیمزاكردنی تێدایە لە ( خیـــار المجلس ) و ( خیار الشرط ) دەكات وشەریعتیش ڕێگەی بەهەردووكیان داوە (١٧) .

**بەڵگەی ئەو زانایانەی كە دەڵێن ( بیع العربون ) دروست وموباحە :**

**بەڵگەی یەكەمیان :** ئەم كۆمەڵە لەزانایان یەكەم بەڵگەیان ئەوەیە دەڵێن : ئەصڵ و بنەمای هەموو مامەڵەیەك لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا حەڵاڵی و موباحیەت ودروستیە ، ئەگەر بەڵگەیەك لە قورئان و سوننەتی صەحیح نەبێت كە حەرامی بكات، وەك ئەو ژمارەكڕین وفرۆشتنەی كە بەڵگەیان لەسەر هاتووە كە حەرامن و نابێت بكرێن، بەڵگەشیان بۆ ئەم ووتەیەیان بە ئایەتە پیرۆزانە دەهێننەوە وەك خوای گەورە دەفەرموێت : **(قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللّهِ الَّتِيَ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالْطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ)** { الأعراف : ٣٢ } واتە : (ئەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێیان) بڵێ: ئەوە كێیە پۆشاك و زینەت و جوانیە خواییەكانی لە بەندەكانی حەرام كردوە كە لە بنەڕەتدا خۆی بۆی بەدیهێناون؟

یان فەرموویەتی:**(يَسْأَلُونَكَ مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ)**{ المائده: ٤}
واتە : ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) پرسیارت لێدەكەن چی حەڵاڵكراوە بۆیان؟ پێیان بڵێ: هەرچی شتێكی چاك و پاكە بۆتان حەڵاڵ كراوە ...

وە دەفەرموێت : **(قُل لاَّ أَجِدُ فِـي مَا أُوْحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ...)** { الأنعام:١٤٥} واتە : (ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) پییان بڵێ: من نابینم و دەستم ناكەوێت لەوەی كە وەحی و نیگام بۆ كراوە هیچ خواردنێكی حەرامكراو لەسەر ئەو كەسەی كە بیخوات _ جگە لەوانە نەبێت خودا حەرامی كردون وەك گۆشتی بەراز و مردارەوە بوو خوێن ویان ئەوەی ناوی جگە

لەپەروەردگاری لێ هێنرابێت - .

ئەم كۆمەڵە ئایەتە و چەندان ئایەتی تریش بەڵگەن لەسەر ئەوەی خوای گەورە زەوی و ئەوەشی لە زەویدا هەیە بۆ خزمەتی نەوەكانی ئادەمی ژێربار هێناوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەصڵ و بنەمای دروستكراو و مەخلوقتای پەروەردگار حەڵاڵیەت و موباحیەت ودروستیە تا ئەو كاتەی بەڵگەیەكی راست وردوست دیت و لەو حوكمە ئەصلەیەی خۆی كە حەڵاڵیەتە لای دەبات وحوكمێكی تری دەدات بەسەردا، هیچ جیاوازیەكیش نیە لەنێوان ئاژەڵ وشتەكانی تریشدا بۆ سوود وەرگرتنیان لەلایەن مرۆڤەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ببێت بەمایەی زەرەر وزیان (١٨) .

**بەڵگەی دووەمیان : لەسوننەتی پێغەمبەری خوداش ( صلى الله عليه وسلم )** بەڵگە بەم فەرموودە دەهێننەوە كە ئەبو هورەیرە ( خـودای لــێ ڕازی بێت) ڕیوایــەتی كــردوە : ( المسلمون عند شروطهم والصلح جائز بين المسلمين) (١٩) واتە : موسڵمانان بەو مەرجانەوە پابەندن كە لــەنێــوان خۆیاندا دایدەنێن، هەروەها صولح ورێكەوتنیش دروستە لەنێوانیاندا .

هەروەها پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : ( أحق الشروط ما استحللتم به الفروج ) (٢٠) واتە : هەقترین مەرجێك ئەو مەرجانەیە كە عەورەتی ئافرەتانی بۆ حەڵاڵ كردون .

**بەڵگەی سێهەمیان :** بـەزاراوەی زانـایـانی أصـول الـفـقـه پێـی دەوتـرێـت: (**الاستصحاب**) واتە مادام لە بنەما و ئەصڵدا ئەم مامەڵەیە حەڵاڵە كە واتە حەڵاڵیەتیەكەی بە ئیستصحابی بەرائەی ئەصلی وەرگرتووە، ئەویش لەبەر ئەوەی هەموو مەرجێك لەبنەمادا حەڵاڵ و موباحە تا ئەو كاتەی بەڵگەیەك ئەیسەلمێنیت كە ئەو مەرجە حەرام وقەدەغەكراوە، بەرای ئێمە بەڵگەی حەرامی لەدانانی مەرجی مامەڵەی ( العربون =پێشكەی دان ) دا نیە (٢١) .

بەڵگە هێنانەوەشیان بە سوننەتی پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) لەسەر حەرامی ( بيع العربون ) جێگای خیلاف و ڕای جیاوازە، چونكە بەڵگەش هەیە لە سوونەت كە باس لەحەڵاڵی و ڕێگاپێدانی دەكات، وەك ئەوفەرموودەیەی دەفەرموێت : ( أنّ النبيّ صلى الله عليه وسلم أحلّ العربان في البيع ) (٢٢) واتە : پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) – عربون – وپێشەكیدانی حەڵاڵ كردووە لەمامەڵەدا، ظاهری ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر موباحی ئەم جۆرە مامەڵەیە لە كڕین وفرۆشتندا .

کۆمەڵی یەکەم وئەوانەی ئەم جۆرە مامەڵەیە بەحەرام دەزانن وەڵامی ئەو دوو بەڵگەیە بەم شێویە دەدەنەوە :

بەنسبەت ئەو فەرموودەیەوە کە دەیکەن بە بەڵگە ( أنّ النبيّ صلى الله عليه وسلم أحلّ العربان في البيع ) وەك بان حجر دەڵیت : فەرموودەیەکی لاوازە و بۆ ئەوە ناشێت بکریت بەڵگە، لەگەڵ ئەوەشدا فەرموودەیکی ( مرسل ) ە واتە لە سەنەدەکیدا ئەو هاوەڵەی کە فەرموودەکەی گێراوەتەوە لە پێغەمبەرەوە ( صلى الله عليه وسلم ) ناوی نەبراوە بەڵکو یەکسەر ( تابعی ) یەك دەڵێت : پێغەمبەری خودا وای فەرموو (٢٣) .

وەڵامی بەڵگەی ( ئیستصحاب ) ەکەشیان : مەزهەبی ظاهری بەم شێوەیە وەڵامیان دەدەنەوە و دەڵێن : " أنّ الأصل في العقود والشروط المنع إلاّ ما أوجبه الشارع وأباحه بنصّ من قرآن أو سنّة ثابتة " (٢٤) واتە : ئەصڵ وبنەما لە هەموو گرێ بەست ومامەڵە ومەرج دانانێکدا ڕێگری وقەدەغەکردنە، جگە ئەوە نەبێت کە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام بەدەقێکی قورئان یان سوننەتی ثابت بوو واجب یان موباحی کردبێت .

**بەڵگەی چوارەمیشیان :** بە کردەوەی هاوەڵە بەڕێزەکان وسەلەفی صاڵحی ئومەتی ئیسلام کە پێی دەوترێت : ( **الأثر** ) دەهێننەوە : عەبدورەحمانی کوری فەرووخ دەگێڕێتەوە کە " أنّ نـافع بن الحـارث اشـترى دارا للسـجن مـن صفـوان بن أميّة بأربعـة آلاف درهـم، فـإن رضـي عمـر فالبيـع له، وإن عمـر لـم يرض فـأربعـمـائة لصفوان " (٢٥) واتە : نافعی کوری حارث خانوویەکی لە صەفوانی کوری ئومەیە بە چوار هەزار درهەم کڕی بۆ ئەوەی بیکات بەزیندان، بەڵام بەو مەرجەی ئەگەر عومەری کوری خەتاب ڕازی بێت ئەوە مامەڵەکە تەواو دەکەن وپارەکە هەمووی دەدەنێ، بەڵام ئەگەر عومەر ڕازی نەبوو، تەنها چوارصەد درهەمی بۆ صەفوان بێت .

ئەثرم (٢٦) ئەڵێت : ووتم بە ئیمام ئەحمەد ئایا تۆش وای بۆ دەچیت ؟ ووتی : من چی بڵێم ئەوە هەڵوێستی عومەری کوری خەتابە لەم بارەیەوە، ئەوەش لاوازی ئەو ڕیوایەتەیە کە لەبارەی ڕیگری لە مامەڵەی ( بيع العربون ) ەوە هاتووە (٢٧) .

فەرموودەکەش ئەگەر چی ئیمامی بوخاری بەفەرموودەیەکی ( معلق ) (٢٨) ی باسکردووە، بەڵام جگە لە ئەو کەسانی تر بەسەندی پەیوەست و نەبچڕاو هێناویانە، وەك ئیمامی بەهیقەی و ابن أبي شيبة و عبد الرزاق، هەر لەبەر ئەمەشە ابن حزم لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا ( المحلى ) بەفەرموودەیەکی

صەحیحی داناوە (٢٩) .

**بەڵگەیەكی پێنجەم :** لەسەر دروستی ئەم مامەڵەیە بەڵگەی عەقڵ وژیریە، ئەویش دەڵێن : ئەو پرە پارەیەی كە لە مامەڵەی ( بیع العربون ) دا كەسی فرۆشیار وەری دەگرێت هەقێكی خۆیەتی ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو پرە پارەیە لەبەرامبەر ئەو ماوەیەدا وەری دەگرێت كە مۆڵەتی كەسی كڕیاری داوە تاوەكو ڕەزامەندی تێدا دەربڕێت یان پەشیمان ببێتەوە لێی، چونكە كڕیار لەو ماوەیەدا ئەو هەل و فورصەتانە لەفرۆشیاری ئەو كاڵایە زەوت دەكات تاوەكو بیفرۆشێت بەكەسانی تر (٣٠) .

**وەڵامی ئەم بەڵگەیەش بەم شێوەیە دەدەنەوە :**

**أ)** ئەگەر ئەم ووتەیە وابێت دەبوو لەكاتێكدا كە كەسی كڕیار ڕەزامەندی دەردەبڕێت لەسەر ئەو مامەڵەیە وكاڵاكە وەردەگریت نەدەبوو ئەو پرە پارەیەی كە لەپێشەوە وەرگیراوە بەشێك بێت لەنرخی كاڵاكە .

**ب)** چاوەڕوانكردن لە كڕین وفرۆشتندا دروست نیە بریتی لەبەرامبەردا وەربگیرێت، چونكە ئەگەر دروست بوایە واجب بوو ئەندازەكەی وەك بەكرێ گرتن دیار بێت (٣١).

**لــــەكــــۆتــــایــــدا :**

ئەوە دەمێنیتەوە بزانین ئایا ووتەی جمهوری زانایان ڕاستر وپەسەندترە یان ووتەی كۆمەڵی دووەم لەم مەسئەلەیەدا :

گەر سەیر بكەین دەبینین كە هەردوولایان بەڵگەكانیان لەقورئانی پیرۆز كۆمەڵە بەڵگەیەكی گشتیر و عامە وهەركۆمەڵێكیان بۆخۆی تەفسیری بۆ دەكات، جمهوری زانایان دەڵین ئەم جۆرە مامەڵەیە دەچێتە چوارچێوەی خواردنی ماڵی حەڵكەوە بەناهەق وەك خوای گەورە فەرمویەتی : ( **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ** ...) كۆمەڵی دووەمیش دیسان بەڵگەكانیان لەقورئانی پیرۆز بەڵگەی گشتیە ودەڵێن ئەصڵ وبنەما لەم جۆرە مامەڵانەدا حەڵاڵی وموباحیەتە وحوكمەكەی دەچێتە چوار چێوەی ئەم ئایەتەوە : **(يَسْأَلُونَكَ مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ)** .

بەنسبەت بەڵگەی جمهوریشەوە لە سوننەت بەڵگەیان بەدوو فەرموودە هێناوەتەوە كە هەردوكیان لاوازن وبۆ ئەوە ناشێن بكرێن بەبەڵگەی حەرامی ئەم مامەڵەیە، كەواتە ئەوەی بە ڕاستر و راجح تری دەزانین، ڕای كۆمەڵی دووەمە كە پێیان وایە (بیع العربون) مامەڵەیەكی موباح ورێگەپێدراوە ، ئەویش لەبەر لاوازی بەڵگەی جمهور و بەهێزی بەڵگەی ڕای دووەم بەتایبەتی ئەو ئەثەرەی كە لەنافعی

کوڕی حارثەوە گێڕراوەتەوە کە خانوەکەی کڕی لە صەفوانی کوڕی ئومەیە بۆ زیندانی دەوڵەتی ئیسلامی بە فەرمانی عومەری کوڕی خەتاب ( خوای لێ ڕازی بێت ) .

کۆمەڵی دووەمیش بەڵگەیەکیان ئەوەیە کە دەڵین خوای گەورە هەموو جۆرە مەنافع و سوود وەرگرتنێکی حەڵاڵکردووە لەو شتانەی کە دروستی کردوون، ئەوەشی حەرام بێت بەبەڵگەی شەرعی حەرامی کردوون، جا بۆیە ( بيع العربون ) یش دەچێتە چوار چێوەی ئەو مەنافع و سوودانەوە حەرام کردنیشی پێویسی بە بەڵگەی ڕوون وئاشکرا لەقورئانی پیرۆز سوونەتی ثابتی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) هەیە، نەبوونی بەڵگەیەکی لەم شێوەیەش بەڵگەیە لەسەر دروستی و موباحی ئەم مامەڵەیە، هەر لەبەر ئەمەشە دکتۆر ( وهبة الزحيلي ) دەڵێت : "بەمەزەندە و ڕای من (بيع العربون) مامەڵەیەکی ڕاست وردوستە حەڵاڵە وەرگرتنی، ئەمیش بەپێی کارکردن بەو داب ونەریتە زۆرەی کە حاڵی حازر بەشێوەیەکی بەربڵاو هەستی پێ دەکرێت " هەروەها دەڵێت : " تا وای لێهاتوە ڕێچکەی مامەڵە کردن بە پێشەکی ( بيع العربون ) لەم سەردەمەدا بووە بەبنەما وبناغەی پێکەوە گرێدانی مامەڵە بازرگانیەکان، کە پەیمان وبەڵێنێك لەخۆ دەگرێت بەو پێیە پابەند دەبن بە قەرەبووکردنەوەی کەسی بەرامبەر لەتۆڵەی ئەو چاوەڕوانی ولەکارخستنەی کە فرۆشیار توشی هاتووە، کە بەدەستەواژە یاسایی وقانونیەکەی پێی دەوترێت ( ضمان التعويض عن التعطل والانتصار ) .

بێگومان ئەمەش بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی هەرچی داب ونەریتی بازرگانی لەم سەردەمەدا بە پەسەندی زانی ئیتر بەڵگە بێت لەسەر دروستی و حەڵاڵی ئەو مامەڵەیە، بەڵکو هەر بەش وهەر مامەڵەیە لەو مامەڵە بازرگانیانە پێویستی بە لێکۆڵێنەوە و گەڕان بەدوای حوکمە شەرعیەکەیدا هەیە، تاوەکو بزانین ئایا دەکرێت بخرێتە ژێر بنەمای ( الأصل فى الأشياء الإباحة = هەموو شتێك لە بنەمادا حەڵاڵ و ڕێگە پێدراوە) یان جیاکردنەوەی لەو حوکمە ئەصڵیەی خۆی بەبەڵگەیەکی قورئان یان سوننەت یان قیاسی صەحیح ولای بدات بۆ حوکمێکی تر وموباحیەتەکەی نەهێڵێت وحەرامی بکات .

ئەمەش ئەو جەمع و لێکۆڵینەوە زانستیە بوو کە بە پێی توانا خستمانە بەردەم ئێوەی بەڕێز بەو هیوایەی خوای گەورە وباڵادەست لێی وەرگرتبین وپاشان جێگای ڕەزامەندی ئێوەش بێت .

**سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا اله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك**

**والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته**

**پەراوێزەکان :**

---

(١)  سەیری لسان العرب لابن منظور(١١٧/٥) والقاموس المحيط للفيروز آبادي (٢٤٨/٤) بكە .

(٢) سەیری النهاية في غريب الحديث لابن الأثير (٢٠٢/٣)، والفائق في غريب الحديث للزمخشريّ.(2/131) بكە .

(٣) سەیری الموطأ للإمام مالك كتاب البيوع باب العربان ( ٤/ ٥٧) من كتاب المنتقى للباجي، بكە .

(٤) سەیری المنتقى للباجي (٥٧/٤)، وبداية المجتهد لابن رشد الحفيد(٦١/٢)، و التفريع لابن الجلاب (٨/٢)، و القوانين الفقهية لابن جزيّ (ص٢٥٧) بكە .

(٥) سەیری المجموع شرح المهذّب للنووي (٤٠٧/٩)، و مغني المحتاج الشربيني (٣٩/٢) بكە .

(٦) سەیری المغني لابن قدامة (٢٥٦/٤)، والمبدع لابن مفلح (٥٩/٤) بكە .

(٧) سەیری المغني لابن قدامة (٢٥٦/٤)، والإنصاف للمرداوي (٣٥٧/٤) ومسائل الإمام أحمد برواية ابنه عبد الله (٣/ ٢١٢) بكە .

(٨) سەیری مصنّف عبد الرزّاق (٧/ ٣٠٦)، والسنن الكبرى للبيهقيّ ( ٦/ ٣٤) بكە .

(٩)  سەیری المصنّف لابن أبي شيبة (٧/ ٣٠٥- ٣٠٦) بكە .

(١٠) سەیری الجامع لأحكام القرآن للقرطبيّ (٥/ ١٥٠) بكە .

(١١) سەیری أحكام القرآن لابن العربيّ ( ١/ ٩٧) بكە .

(١٢) المجموع لابن تيمية ( ٢٩/ ٣٤٩)، إعلام الموقّعين ( ١/ ٣٤٩) بكە .

(١٣) سەیری بداية المجتهد لابن رشد الحفيد (١٦١/٢) وشرح الزرقاني على الموطأ (٢٥٠/٣)، وسبل السلام للصنعاني (٣/ ٨١١) بكە .

(١٤) رواه مالك في الموطأ (٢/ ٦٠٩)، وأبو داود في سننه تحت رقم ٣٥٠٢، وابن ماجه في سننه تحت رقم ٢١٩٣، والبيهقي في سننه الكبرى (٣٤٢/٥)، وأخرجه أيضا البغوي في شرح السنّة.(8/135) .

(١٥) سەیری بداية المجتهد لابن رشد (٢/ ١٦١)، ومعالم السنن للخطابي (١٤٣/٥)، وسبل السلام للصنعاني (٨١١/٣ ) بكە .

(١٦) ســەریری إحكام الأحكام لابن دقيق العيد (١٤٠/٣)، ونيل الأوطار للشوكاني (١٥٣/٥) بكە .

(١٧) سەیری بداية المجتهد لابن رشد (١٦١/٢) بكە .

(١٨) سەیری فتح القدير للشوكاني (٦٠/١) بكە .

(١٩) رواه أبو داود في سننه (٢٠/٤)، وابن حزم في المحلّى (٣٧٥/٢) .

(٢٠) رواه البخاري في كتاب الشروط. انظر فتح الباري لابن حجر(٣٨٠/٥) .

(٢١) سەیری مجموع الفتاوى لابن تيمية (٤١١/٣)،وإعلام الموقعين لابن القيّم(٣٤٤/١) و(٣٨٧/٣) بكە .

(٢٢) أخرجه ابن أبي شيبة في مصنّفه (٣٠٤/٧)، وعبد الرزّاق في مصنّفه (١٤٨/٥) .

(٢٣) سەیری التلخيص الحبير لابن حجر العسقلاني (١٧/٣) .

(٢٤) سەیری المحلى لابن حزم (٣٧٥/٨)، والإحكام في أصول الأحكام لابن حزم (٢/٥) بكە .

(٢٥) أخرجه البخاريّ معلّقا في كتاب الخصومات. انظر فتح الباري لابن حجر.(5/91) .

(٢٦) ئەثرەم : ناوی حەكیمی كوڕی ئەثرەمی بەصریە، ابن حبان لەو كەسانەی داناون كە جێگەی ثقە ومتمانە وباوەڕ پێكراوون لەڕووی گێڕانەوەی فەرموودەوە، سەیری كتێبی الخلاصة لاپەڕە ٩١ بكە .

(٢٧) سەیری المغني لابن قدامة (٢٥٦/٤)، وبدائع الفوائد لابن القيّم (٨٤/٤ ) .

(٢٨) فەرمموودەی معلق : بەو فەرموودەیە دەوتریت لە سەرتای سەندەكەیەوە ڕاویەك یان زیاتری لەدوای یەك بچڕابێت وباس نەكرابێت .

(٢٩) سەیری المحلّى لابن حزم (٣٧٤/٨ ) بكە .

(٣٠) سەیری المغني لابن قدامة (٢٥٦/٤) بكە .

(٣١) سەیری المغني لابن قدامة (٢٥٦/٤) بكە .